# چەمکی ئاینی زاکیرەی یەکەمی تیرۆر ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

تاکی کوردی جگە لەوەی وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن شوناسی ئینسانی تا ئێستا بە سادەترین خەونی ئارەزومەندانەی خۆی نەگەشتوە کە دەوڵەت و کیانێکە تا بە ئازادی بیر بکاتەوەو مومارەسەی چەمکە دینیەکان بکات هەمانکات وەك تاکێکی خاوەن دەوڵەت دەیەوێت کارایی و کاراکتەریی خۆی بنوێنێت بەتایبەت بۆ سۆراخی ئاینی و ئەو رەچەڵەکە کولتوری و نەتەوەیی ومەزهەبیەی کە هەر نەتەوەو دەوڵەتێك هەیەتی و پەیرەوی لیێ ئەکات و وەك بونەوەرێکی ئایدۆلۆژی و کارتێکراو لەم وولاتەی ئێمەدا هەر لەمندالییەوە بەکولتورێکی دینی و ئیسلامی گۆش دەکرێت هەر لەوکاتەی کەلەدایك دەبێت بانگی ئیسلام دەدرێت بەگوێکانیداو ئیدی ئەم کائینە دەچێتە دۆخی فۆرمەڵەبوونێکی ئاینی ولەوێوە تەقس ونۆرمەکانی ئاین دەبێتە بەشێك لەیادەوەری ئەم منداڵەو داتاکانی ئاین و دابەکانی وەردەگرێت و بانگێکی بەگوێدا دەدرێت بێ ئەوەی نوێژی بۆبکرێت تائەوکاتەی ئەم مرۆڤە دەگاتە وێسگەی مردن و ئەوکاتیش نوێژێکی بێ بانگ لەسەر تەرمەکەی دەخوێندرێت و بۆ گۆڕستان بەڕێدەخرێت، واتە ئێمە بەم هاوکێشەیە خزێنراوینەتە نێوان بانگێك و نوێژێکەوە بانگ بۆ سەرەتای عومرو نوێژیش بۆ کۆتایی عومر ئەم موعادەلەیەی مرۆڤی ئاینی نەك ئایندار لەم کولتورو فەزایەی ئێمەدا دەبینی بۆتە بنەماو رێورەسمێکی تەقلیدی و وەك نەریت و ئەخلاقێکی ئاینی وەرمانگرتوە نەك وەك بیرکردنەوەی تاك و کۆی خێزان و عەشرەت، واتە دەشێت لەخێزانێکی چەپ و عەلمانی و سکۆلاری دوور لەدینیش ئەم رێورەسمە ئاینیە هەبێت و ئامادەبێت، ئەم پەروەردەو کولتورە ئاینیە دەشێت سەرەتایترین رەچەڵەکی پەروەردەیمان بێت تا دواتر کەشێکی پێگەشتوترو ئارامتر ئەخولقێ کەدەشی بەکەشی پاش ماڵ و فەزای خێزانی تەماشای بکەین ئەویش پەروەردەی قوتابخانەیە وەك ئەڵێن ماڵی دووەمی منداڵ کەئەم ماڵە بریتیە لە برێك ماتەریاڵی وشك و تیۆری و پەروەردەیەکی جەبری، پەروەردەیەك بۆنی هیچ ئازادیەکی لێنایەت گۆشکردن و پێگەیاندن بەترساندن سەراپا پۆلەکان و زاکیرەی منالەکانی داگیرکردوە لەگەڵ تەختەیەکی رەش ، ژورێکی ساردی نائارام ، تۆتالیتاریەتی دارو مامۆستاو پەروەردەی توندی ناهاوسەنگ، ئەمەش دەشێت کاریگەریەکانی راستەوخۆ دەربکەون لەسەر مێشکی قوتابی و بەتێپەربوونی تەمەن و کات قوتابیەك دەردەچێت کەبیروڕاو ئایدیاکانی خۆی لەسەر خەیاڵ و تیۆرێك بینا دەکات کەباکگراوندەکەی دەرس و پەروەردەیەکی شێوە ئاینیانەیە، کە لەتەقسی ئاینیدا ئایندەیەکی ئیدیالی خۆش یان ناخۆش چاوەرێی مرۆڤەکان ئەکات بەهەمان شێوەش لە نێوەندی پەروەردەی ئێمەشدا یان پلەی بەرزو دەرچونێکی خۆش یان سەرەنجامێکی ترسهاوەرکە زۆرجار بە کوشتنی قوتابیەکە کۆتایی دێت وەك ئەمساڵ ناوەناوە ئەم دیاردەی خۆکوژیانەمان بینی، ئەمە بەو مانایە نیە بڵێین مامۆستاکان مرۆڤی توندوتیژ پەروەردە دەکەن ئەوەندەی مەبەستمانە بڵێین کولتوری پەروەردەکردنی ئێمە سەقەتەو دەبێت بگۆردرێن و چاکبکرێن ، لەم دەرسە ئاینیانەدا قوتابی کورد دەبێتە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕ کەوەك وەرگرێکی چالاك مێشك و هەستەوەرەکانی دەجولێت لەگەڵ کۆمەڵێك چەمکی توندی ئاینیانەو خێرا ئەزبەریان دەکات ( للحفظ) لێرەوە کەسی وەرگر ڕام دەبێت بۆ ئەم وانەیە بێئەوەی مامۆستاکەی هیچ هوشیاریەکی بداتێ ، وەك ئەوەی مرۆڤێکی نەخۆش بچێتەلای پزیشك کۆمەڵێك دەرمانی چارەسەریانەی بۆدابنێت و هیچ بەرنامەو رەچەتەیەکی بەکارهێنانی پێنەڵێت؟ مامۆستای ئاینی  لەم کولتورەی ئێمەدا کەسی پسپۆر نیەو لەسەر بنەمایەکی زانستی و سایکۆلۆژی نایەت ئەم دەرسانە بڵێتەوە ئەوەندەی وەك وەزیفەیەك و بەجێهێنانی ئەرکێکی حکومی یان ئاینی ئەم کارە دەکات، هەربۆیە چاوەروانی سەرەنجامە ترسناکەکانیشی ناکات و خراپترین شت کەلەم دەرسانەدا دەبینرێت ئەوەیە راستەوخۆ راپێچت دەکات بۆ رقێکی سیستماتیك بەرانبەر ئەویتر کەهەڵگری هەمان ئاین نیە واتە

چەمکی تەساموحی ئاینی بەتەواوی مانا وون (غائب) دەبێت لەکاتێکدا ئەمە کرۆکی ئاین و خودی قورئانە (لااکراە فی الدین) (لکم دینکم ولی دین) ئیسلام بەزۆری ئیشی لەسەر ئەوەکردوە کەئاینەکان رێز لەیەکتری بگرن ویەکتایی و وەحدانیەتی پەروەردگار بپارێزن، چونکە لەمەسەلەی کوفرو سزای دواییدا خوای گەورە خۆی حاکمی موتڵەقەو حاکمیەتی سەرئەرز هیچ شەرعیەتێکی نییە، ئیدی فێرکردنی نەوەیەك رقی لەئەمریکاو غەرب و مەسیح و ڤاتیکان وئیسرائیل و جولەکە و نەصرانی و صابیئە و کاکەیی بێتەوە جگە لەهوشیاریەکی نائاینی هیچی دیکە نییەو بگرە بۆنی ئایدۆلۆژیایەکی عەرەبی لێدێت، ئەمەیە سەرگەردانیەتی مەنهەج و قەیرانی فکری ئیسلامی، ئایا پرسیومانە ئێمە چ کاتێك دەتوانین یەکتری قبوڵ بکەین و گیانی پلورالیزمی ئاینی پەرە پێبدەین و چەمکە نوێکان وەك خۆی راڤە بکەین و وەربگرین؟ بەهەرحاڵ تاك لەم حاڵەتانەدا کەوەستاوە لەبەردەم جەبری پەروەردەیەکدا لەنێو کۆمەڵێك ئیختیاری عەقڵی و مەنهەجیدا نیە واتە (مخیر) نیە بۆ ئەو پەروەردەیە ئەوەندەی (مسیر)ە بۆ وەرگرتنێکی عەفەویانەو لێرەوە کەسی ئاینخوازو کەسی بەئاینیکراو ئەخوڵقێ کەیەکەمیان کەئازادە لەوەی کەچ ئاین و مەفاهیمێك هەڵبژێرێت و چۆن لایەنە عیبادیەکانی مومارەسە بکات و چۆنیش پەرستشی ئازادانەی بکات و پەرە بەلایەنە رۆحی وفەزا ئاینی و عیرفانیەکانی بدات و دڵنیام ئاین لەم حاڵەتەدا بەرەنجامە پۆزەتیڤەکانی دەرئەکەون وتاك لێرەدا شوناسێکی ئاینیانەی دەبێت بەفیعلی نەك روکەشانەو بەزۆری جەبرە پەروەردەییەکە، کەئەم جەبرە دواجار کەسی دوەمیش (بەئاینیکراو) رادەکێشێتە نێو خەیاڵدانەکانی خۆی وبێ رازیبون و ئازادی خۆی دەکرێت بەمرۆڤێکی ئاینی هەروەك لەکۆمەڵگای شەرقیدا ئەم جۆرە مرۆڤانە بەزۆری دەبینین کە بەتەنها وەك ناسنامە موسوڵمانن ئەگینا خاوەنی هیچ روئیاو دیدێکی ئاینی نین ومەحسوبیشن لەسەر دین، بۆیە دواجار هەر لەسەر ئەم ئینتیما شێواوو سەقەتە بیرو بۆچونەکانیان دادەرێژن وبێ هیچ بنەمایەك فەتوا دەردەکەن وخۆیان دەکەنە مەرجەع وتیرۆرو کوشتوبڕ پەیرەودەکەن وخۆیان بەراستەقینەترین کەسی سپێشڵی موجاهید ئەدەنە قەڵەم و دواجار کارەساتی مرۆیی ئەخوڵقێنن و کەسیش نیە بڵێت ئەم پەروەردەو سلوکە چۆن هات و زادەی کام بیرکردنەوەو ئایدیایەوکێ لێی بەرپرسە؟ ئەی کێ ئەمانە ریفۆرم ئەکاتەوە و فەتوای ( تەئدیبییان ) ئەدات؟ئایا نابێت ئێمە بیرکردنەوەیەکی تر پەیرەوبکەین بۆ پەروەردەیەکی نوێ؟

ئالێرەوە هەست بەوە دەکرێت کەمرۆڤەکانی نێو ئەم کولتورە دینیە چۆن کەوتونەتە نێوەندی (کەوان)ەکانی ئاین و رێوڕەسم و قاڵبەندیەکانەوە تۆ بەخۆت نازانیت خاوەنی شوناسێکی تایبەت و خاوەنی پێگەی ئاینیانەی خۆتیت داخڵ بەفەرهەنگێکی تایبەت بوویت، لێرەوە ئیدی سیستمێك دەست پێدەکات بەناوی پەروەردەی ئاینییەوە (التربیە الدینیە او الاسلامیە) دامودەزگاو دەوڵەت و ناوەندە تەشریعی وتەنفیزی و ئۆرگانە باڵاکان، یاساو قەزاکان سەرلەبەریان ئیلهام و شەرعیەتەکانی خۆیان لەم کولتورە دینیەوە هەڵدەهێنجێنن و بەیاساو نۆرمەکانی ئاین دەجوڵێن و چالاکی دەنوێنن، بەڵام ئەم یاسای پەروەردەیە کێ دایناو چۆن دانراو کام موجتەهیدو کام قازیو عەللامەی تێگەشتوو لەفیقهـ و فەلسەفەی ئیلاهیات داینا ؟ فیقهی واقیعی سەردەم و لۆژیکی ئاینیانە رۆڵی گێرا ؟ یان میزاجی کۆمەڵێك کۆلکە خوێندەوارو فەقێی تەقلیدی بۆ زەمانێکی دیاریکراو رەنگرێژیانکرد؟ بێگومان ئەم پەروەردەیە راستە پشت ئەستورە بەکۆمەڵێك دەق و تێکستی قورئانی و فەرمودەی صەحیحی ئاینیانە, بەڵام لەتەفسیرو لێکدانەوەکان و هەڵبژاردنی دەقەکان بۆ زەمکانێکی جیاواز زۆر کورتی هێناوەو دەبێت بەجددی ریفۆرم و دەستکاری بکرێت، واتە دەقگەلێکیتر لەمەنهەجدا دابنرێن کەرای عولەماو ئیجماعی فوقەهاکانی لەسەربێت و لەکۆنگرەیەکی پەروەردەیی ئاینیشدا ئەم کارە بکرێت تا برگەو جومگە حەساسەکان پشتگوێ نەخرێت، ئەو دەقانە دەربهێنرێن و کاریان پێ بکرێت کەنەرمونیانی و وەسەتیەت و هێمنیان پێوە دیارەو تاکێکی مەدەنی وهوشیار بخوڵقێنێ کەبەکوێرانەو عەفەویانە رێگاکان نەگرێتەبەر، لەخۆوە نەبێتە فتوادەر بۆ قیتال و جەنگ و جیهادو ئەویتر بەکافرزانین، ئایا ئێمە

تائێستا دەزانین یان تەئویلمانکردوە (رحمة للعالمین) چەند دەقێکی فراوانەو گەرکاری لەسەربکرێت رەنگە مرۆڤێك نەبێت بەناوی ئاینەوە بێت و خۆی بکاتە قەرەبروت و تەقەمەنی؟ نەوەی ئەمرۆ زۆر پێویستی بەوە نیە خۆی پەروەردەو گۆش بکات لەسەر رایەڵی مەزهەب و رێبازێك کەواقیع نایخوازێت یان بەشوێن ئەعرابی و صەحابیەکدا بچێت ئەگەرچی (ئیمانداری راستەقینەش بن) لەکاتێکدا ئەو پەروەردەیە هەمان ئەم پەروەردەیەی ئێستا نیە، ئیمامی عەلی(خ) دەفەرمووێت (ربوا اولادکم بتربية غير تربية عصرکم فانهم خلقو لزمان غير زمانکم) واتە نەوەو منالەکانتان پەروەردە مەکەن لەسەر سیستمی پەروەردەی کۆنی خۆتان, چونکە ئەوان خولقاوی سەردەمێکی نوێن, واتە دەبێت چەمك ومەفاهیمی نوێشیان پێ بدرێت" بەلام وانەکانی پەروەردەی ئیسلامی دەبینیت زەمەنێکی تەواوی بەسەردا رۆشتووەو باپیرەیەك پێش سی چل ساڵ چی خوێندووەو ئەزبەر کردوە ئێستا کورو کچەزا زاکەشی هەمان وانە دەخوێننەوە کەلە روی مەنتیق و عەقلانیشەوە ئەمە دروست نیەو بگرە لەرووی سایکۆلۆژیشەوە سەقەتەو کارەسات ئەخولقێنێ، ئەمەش پێم وایە بەدیوێکدا غیابی هەیئەتێکی عولیای عولەماو موفتیو موجتەهیدی سەردەمە کەئیسلامی ئەمرۆ نیەتی یان ئیعتیرافی پێ ناکات واتە فەتوایەکی شەرعی لەفەتوادەرێکی شارەزاوە نابینرێت بەدیوەکەی تریشدا ململانێی سیاسی لەنێوان دەوڵەت و حیزب و مەزهەب دا بوارێکی نەهێشتۆتەوە بۆ ریفۆرم و پشوودرێژیەك تا نەوەیەك دروست بێت گومان بەشتەکانی دەوروبەری بەرێت و دەستکاری ئەو وانەو سیستمە بکات لەلایەکی تریش ئیشکالیەتی دونیای ئێمە لەوەدایە هەموو شتێکی ئاین بەپیرۆز سەیردەکەین تەنانەت قسە لەسەرکردنیشی بەحەرام و مەکروه ئەزانین وانازانین ئاین و تەشریعات و دەقەکانی بۆ کائینێك نازڵ بوە پێی دەوترێت مرۆڤ (ولقد کرمنا بنی ادم), ئەم مرۆڤەش بەوپێیەی کەخاوەنی عەقڵە بەردەوام لەگۆڕان و نوێبونەوەدایەو پێویستیشە دەقەکانیش لەگەڵ گۆڕانە بایەلۆژی و فیزیکیەکانی خۆیدا نوێ ببنەوە، بۆیە تەقدیسکردن بۆ دەقەکان جگە لەدۆگماکردنی خودو وەستان لەناو بازنەداخراوەکاندا چیتر نیە، وەهەر ئەم پەتا کوشندەیەشە کەکۆمەڵگای شەرقی و ئیسلامی دووچاری وەستان و دواکەوتویی و رەجعیەت کردۆتەوە،هەموو کۆمەڵگا کراوەتە مزگەوت و تەقسگای ئاینیانە، وە خوێندنەوەی وردو ئەکادیمیشمان بۆ ئیسلام ودەقەکانی نەکردووە رەنگە گوێ بەوە نەدەین کەلەنێو قورئانی پیرۆزدا ئەگەر یەك دانە جار زاراوەی (تەفسیر) بەکار هاتبێت ئەوا نۆزدە جار زاراوەی (تەئویل) بەکارهاتوە لەئایەتەکانداو ئەمەش وەك دیاردەی زاهیری و زمانەوانی زانستیو وشەسازی مەدلولاتی تایبەتی خۆی هەیەو دەرخەریئەوەیە کەبوار لەبەردەم موسوڵمانان و ئیمانداراندا بۆ لێکدانەوەو تێگەشتن لەدەقەکان لەتەئویلەوە نزیکترە تا تەفسیر کەچی دەبینی لەفەزای رۆشنبیری و نوسین و چاپەمەنی ئاینیدا ئەمە پێچەوانە ئەبێتەوە سەدان کتێب(مجلد) ی تەفسیر دەبینیت, بەلام بەدەگمەنیش کتێبێکی تەئویلی نابینیت،کەبزانیت ( وجاهدوا في الله حق الجهاد) یان ( جاهدوا الکفار و المنافقين) بۆکێیەو دژی کێیەو کام کافرو کام موناڤیق و هی کام سەردەمە ؟ ئەی تەئویل بۆ ئەم جۆرە ئایەتانە بۆ ئەمرۆی موسوڵمانان چییە کەئەستەمە جیاکردنەوەی کافران و مونافیقان؟ ئەم دەقانە زاهیری و بەشێوەی فینۆمینۆلۆژیانە وەری دەگرین و دەشیکەینە ناو وانەکانی خوێندن, بەلام چاوەڕوانی دەرهاوێشتەو دەرکەوتە نەگەتیڤەکانی ناکەین, هەر ئەمەش سیستمی پەروەردەی ئێمەی قۆڵبەست و مەشلول کردووەو تا سەرئێسقان وشکی کردۆتەوەو لەزۆربارادا بەداخەوە ئەمەندە مەنهەجێکی تۆز لێ نیشتوە وانەکە دەگۆڕدرێت بەوەرزش؟! دەبینی دەقێك هەیەو بانگەشە بۆ جیهادو قیتال ئەکات و پێت ناڵێت کام جۆر قیتال و جیهاد؟ لێرەوە وانەکانی پەروەردەی ئیسلامی زادەی حاڵەتێکی سایکی سەردەمێکی دیاریکراوەو مەزهەبێکی دیاریکراوی مێژووی ئیسلامی تەحەکومی پێوەکردووەو دیدگایەکی دیاریکراوی ئەهلی سونەو جەماعەیەو جۆرێك هەیمەنەی دینیو خۆسەپاندن و دیسپۆتیزمی مەزهەبی پێوەدەبینرێت لەگەڵ ئەوەی تەواوی دیدە رۆحانی و فەلسەفیەکانی ئیسلام لەم پەروەردەیەدا فرێدراوەتە دەرەوەی وانەو پۆلەکان کەحەقە لەم لایەنەوە پەروەردەی ئیسلامی تێر بکرێت و پربکرێت لەو دیدە رۆحانی و فەلسەفیانە، بەحوکمی ئەوەی ئەم وانانە بەرهەمی یەك تێزو لێکدانەوەی ئاینی و مەزهەبین زۆر شت تیایدا غائیبە، لەم نێوانەدا ئەوەی دەبینرێت پاکیزەیی و

بەرائەتی مرۆڤدۆستی و هیومانیزمی ئیسلام نیە وەك ئاینێکی ئاسمانی کەدینی لێبوردەیی و هاوژیانی و ڕێزگرتنی ئەویترەودەبێت ڕۆحی ئیلاهی و سروتی جوان و وەجدو توانەوەو بۆ خواصولّحان تەفسیربکرێت تا بزانرێت ئیسلام بەهیچ جۆرێك ئازاردەر نیە ئەوەندەی لابەری ئازارەکانە خودای گەورەش ( ارحـم الـراحمین)ە و دەبێت لەم دەقانەوە ئیستنباتی پاکیزەیی خواوەندو دەقە قورئانیەکان بکرێت و شەفافیەت و ئەمەل و هیوای ژیانی خۆش وروفاه بەخەڵك بدرێت و ئەو دەقانە بوترێنەوە کەئیسلام ئەکاتە دینی تەساموح وهیومانیزم نەك دەقەکانی وەك خوای گەورە (شدیدالعقاب)ە ، خوا غەزەبگیرەو دێرگیرەولێمان ئەرەنجێو خەشم ورقی خۆیمان بەسەردا دەبارێنێو چی وچی ! لێرەوە تۆ دێیت وێنای خوا دەکەیت بۆ منداڵێك کەمێشك ودەماغی پەرەی سپیەو بەئارەزوی خۆت بۆی ڕەش ئەکەیتەوەو چەمکێکی وەکو مردن ئەکەیتە باشترین میتافۆرو نمونە تا بیکەیتە وەسیلەی ترساندن و قەبرو قیامەت وئینجا هاتنی مەلائیکەتی شەڕو هاتنی دوپشك وماروعەزابە قورسەکانی قەبرو هتد... خوای گەورە (العیاذ بـالله) ئەکەیتە دوژمن و سیما حەقیقیەکانی لێ ئەسێنیتەوە، لێرەوە بەم پەروەردەیە ئیسلام ڕووتدەکرێتەوە لەفەلسەفەو بەلاغەو عیلمیکەلام ونەحوصەرف وفەرهەنگێکی دەوڵەمەند لەفکر، ئەم ترسەش دواجار خراپترین نەوەی تورەو توندوتیژو میزاجیت بۆ دروست ئەکات و لەجیاتی ئەوەی ترسەکان بڕەوێنێتەوە ترس (ئیرهاب) دروست ئەکات و دەقێکیش خێرا لەقورئانەوە دەرئەهێنێت (ترهبون بة عدو الله ...) بۆشەرعیەتپێدانی.

گومانی تێدانیە کەوانەکانی پەروەردە لەعێراقدا لەنێو خەیاڵدان و فەنتازیاکانی بەعس و کودەتاکانیاندا داڕێژراو بەعس بەو فیکرو بیروباوەڕە شۆڕشگێریەی ئەوکاتەوە هات کۆنترۆڵی تەواوی کرد بەسەر سەرجەمی دام ودەزگاکانی دەوڵەت و دەزگای پەروەردەو خوێندنیش بێبەری نەبوو لەم پرۆژەیەی بەعس بەتایبەت ئیشکردن لەنێو لایەنی وانەکانی پەروەردەی ئیسلامیدا کەبەعسە شۆڤێنیەکان پاش شۆڕشی 14 تەمموزی 1958 و8 شوباتی 1963 ئیدی دیدگای سۆسیالیستانەی خۆیان گۆڕی بەئایدیای ئاینی و هاتن بۆ بەرجەستەکردن و لەسەرپێ وەستانی خۆیان زۆرێك لەدەقە جیهادی وقیتالیەکانیان لەقورئانەوە دەرهێنا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنەکانیان لێرەشەوە وانەکانی پەروەردەیان تەنی بەفیکرو ئایدۆلۆژیای توندوتیژو پەرگیرو کردنیکۆمەڵگابە کۆمەڵگایەکی ئاینی تادواجار(الله اکبر) یان وەك دروشمێکی تر خستە سەر ئاڵای عێراق تا ئەو بیرۆکەو تێزە توندانە بچەسپێنن هەروەك ئەم پەروەردەیە بارگاوییە بەکۆمەڵێك حیکایەت و گێرانەوەو سیرەی ئەصحاب و یاران کەهەڵبژاردنی ئەم حیکایەتانە بۆ خۆی ئیشکردن بوە تا نەوەیەکی توندو دەمارگیرو دۆگما پێبگەیەنرێت بۆ خۆشویستن وشیرینکردنی نەتەوەی عەرەبزمان بۆ پاراستنی ئەو شورایەی کەبەعس وەك خەونێك ئەیبینی بۆ نیشتیمانی عەرەب، وێنەکانی نیشتمانی عەرەب و جلوبەرگ و شمشێرو دارخورما کۆمەڵێك ئێکسسوارو وێنەی تر دەرخەری ئەوەن کەچۆن وەك دەلالەت و میتافۆر دەخوازێت عەرەب بکاتە قارەمان و کولتوری عەرەبیش وەك باڵاترین کولتور بچەسپێنێت، ئەگینا هەر لەو پەروەردەی ئیسلامیەدا کەعەرەبەکان دایانڕشتوە دەیان ئایەتی نەرمترو تەربەوییتر وەك( لا اکراه فی الدین ) ( ان ارید الی الاصلاح ماسـتطعت), دەیان صەحابی تر هەن کەعەرەب نین وەك جابانی کوردی و سەلمانی فارسی کەصەحابیش بوون و کەچی ئەم وانەی پەروەردەیە هەر باسیشیان ناکات ، کەواتە ئەم وانانەی پەروەردە بەئاشکرا دیارە چ فکرو ڕێبازێك کاری تیاکردوە چۆن کولتورێکی عەرەبی زاڵی دورگەی عەرەبی ئەبینرێت وە ئەوانەشی ئەم وانانە دەخەنە مەنهەج و ئەیلێنەوە کەسی پسپۆرو شارەزای تەواو نین لەڕووی سایکۆلۆژیاو زانستەکانیتری کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) ومرۆڤناسی (ئەنسرۆپۆلۆژیا)وە شیکارو لێکدانەوەی بۆنەکراوە، ئیتر کاتێ منداڵێکی کورد ئەم مەفاهیمانە وەردەگرێت نازانرێت لەڕووی نەفسیەوە چەند لەبارە بۆ ئەوەی ئەم دەقانە وەکو دەقی ئەصلی وەربگرێت و نەیکاتە کائینێکی توندو ڕیزپەڕ دواجار هەر ئەم توندیە ئەبێت بەشێك لەڕۆحی ئایدۆلۆژیاو جەدەلیەتێك بۆتاکی ئاینی بەرهەم دەهێنێت بە کۆمەڵێك ئیشکالیەتەوە، لێرەدا تاکی توندو تیژ ئەوەی لە بەردەستیدایە ئەو پەروەردە ئاینیە ناتەندروستەیە کە وەك

زاكیرەیەكی شێواوی توند بـەكاری ئـەهێنێت و وەك مەرجـەع و سەرچـاوەی رۆحانیـەت و شـەرعیەتپێدانەكان ئەیكاتـە رێنوماو رێنیشاندەری خۆی بۆ كوشتن و وەك یەكەمین لانكەی خۆسـازدان و مـاڵی بیركردنـەوەكانی خۆشـی تەماشـای ئەكات كە هەر رەئی و بۆچون و دەنگێكی تر دواجار نەك ئەخاتە پـەراوێز بـەڵكو هـەوڵی سرینەوەشـی ئـەدات ئەمەیـە ئێستا لە عێراقدا پەیرەو ئەكرێت و فەزای عێراقی شێواندوەو ناوی لێنراوە موقاوەمەو جیهاد...